

# خۆری زیندان

مارف عومەر گوڵ

١٩٨٧

پێشکەشە بە یەڵمازگۆنای
پێشکەشە بە کەرکـــــــووك

- خۆری زیندان .
- هۆنراوە .
- چاپی دووەم / ١٩٨٧ چاپخانەی شەهید سەیدا صالح یوسفی
- بناری قەندیل

**بەشی یەکەم**

# خۆری زیندان

**سەرنجێکی پێویست :**

**زۆربەی هۆنراوەکانی ( بەشی یەکەمی خۆری زیندان ) ساڵی ( ١٩٨٥ ) بە زنجیرەی ژمارە ( ٢١ ) ی بڵاوکراوەکانی ( یەکێتی نووسەرانی کوردستان ) بە ناوی ( دلاوەر محمود )ەوە بڵاوکراوەتەوە .**

**بە داخەوە دوو هۆنراوەی ئەو چاپی یەکەمەم لە کاتی ئەم چاپەدا لە بەردەست دا نەبوو . بە چاکم زانی بەشی دووەمیش کە ( دونیای سپی ) یە هەر لە دوو توێی خۆری زینداندا چاپ بکەم ..**

**( مارف عمرگوڵ )**



# مۆتەکەو چرا

دەستێکی قورس و ڕەش ، کە بووە مۆتەکە
یەخەی گرتم ،
منیش مۆتەکەم گرت ، خستمە ژێر پێمەوە
بەدیار ئێسکی لەشی خۆما
ئەژنۆم دادا
هەموو فرمێسکەکانم بوونە شە پۆلی تووڕە بوون و
دڵەکەشم بووە چرا
بە ناو تاریکیدا گورج گورج تەکانم دا و
خۆم گەیاندە
لوتکەی بەرزی پیرە مەگروون
بە داربەڕوویەکی سەوزا هەڵمواسی .

١٩٧٨

# شەوی نەورۆر

هەوری گریانت
وا لە ئاسمانی شینی ولاَتا
ئاسۆی چاوانت
وا بە سەر بەفرو گڕی نەورۆزی
لوتکەی شاخەوە
سەری تووڕەییت
بەرکام بروسکەی ڕۆژگار ناکەوێ و
ناکەوێتە ناو
تەمی بێ بنی هەردی مردنا ؟!
ئەی کچی دڵت حەزی لە کێ یە
گەر لە ئەوینی شەوی قوربانا
پە نجەی سوور نەکاو
بۆ ئەستێرەی سوور راینەوەشێنێ
شەوانی نەورۆز
لەلوتکەی شاخا داینەگیرسێنێ .

بەغدا / نەورۆزی ١٩٧٩

# مەدالیا

**بۆ دایکی شەهیدێک**

**ئەو ئافرەتە ، رووی هەمیشە پێکەنینی**
**هەتا ئێستا ، نەملوانکەو نە مەدالیا**
**نەبوون بە هاوەڵی ژینی**
**ئەو رۆژە دیم ،**
**دەنگی ئاخی پێوەی دیار بوو**
**دەیووت ئەوەی بەختی یارە**
**هەر وەکو من مەدالیاکەی بەر گەردنی**
**وێنەی کوڕە شەهیدەکەی پێوە دیارە .**

**١٩٨١**

# تروسكە

ئەی گیانەکەم ، ئەم بەغدایە
وەك کەوڵێکی چڵکن وایە بەسەرمەوە
لە سەرمای خەم نامپارێزێ ،
لە رۆژێکی خۆرە تاوا
ریگەم نادا بچمە بەر خۆر
گەر تروسکەی ئومێدم بێ ،
لە دوو لانەی ئەوینەوە بەرە و رووم دێ
یەکێ چاوی گەشی تۆیە
یەکێ ماڵمە ،
هەوارێکی لەت و پەت و
هەتا ئێستا رەنجەڕۆیە !

بەغداد / ١٩٨١

# گومان

گومان لە نسێ ی بنار شاخ مەکە ،
کە خۆر کەوتە شان ،
بناریش تیشکێ لە باوەش دەگرێ
گومان لە دەنگی
شاعیرێ مەکە ، ئێستا بێدەنگە
سروەی خەندەیەك ببینە لەلای
لە بەر بێدادیی و
تۆفی ئەم وەرزە بووە بە گریان
شیعرە نهێنی و
سەربەرزەکانی ماڵەو ماڵ دەکا !
گومانت نەبێ لە تاریکایی شەوانی زستان
گومان لە تەمی پاش باران مەکە
بە تیشکی هەتاو دەڕەوێتەوە
گومان بەردێکە ، بیهاویتە کێ
بێ سۆراخ دەڕواو سەر دەنێتەوە
گومان وەك تەونی
سەردە مێك وایە لە ژێر پێڵاوما
باوەڕ هێزێکە
وا لە دەمارو ناخ و هەناوما .

١٩٨٢

# خۆرەتاو

چۆن بتوانم هەرچی وشەی میللەتانی زە وی هەیە
کۆی کەمەوە ، شیعرێ بڵێم ،
هەموو جیهان گوێی لە دەنگی هاوارم بێ
هەموو کەسێك لێم تێ بگا
گوێی لەهاژەی گەردەلوولی ئازارم بێ
چۆن بتوانم تەنیا باسی یەك رۆژ دیلیی
بنوسمەوە بە هۆنراوە
کچۆلانی سەرگۆی زەوی بیکەن بە ویرد
بڵێن ئەوەی شیعر بڵێ بۆ نیشتمان
هەتا دە مرێ سەودا سەری خۆرەتاوە .

*          *          *

جێم نەهێشتی کە سروودی هەمیشەییم بکەی بە خەم
بە روومەتی تەمەنتەوە
لە سەفەری کاروانێ بووم بە پێ ی پەتی
بە سەر چیای ( مەحاڵ ) یشدا سەردەکەوتم
ئەوەی ژێر پێ ی لەو رێ یەدا گرێ گرێ لێك بێتەوە

**شەو نخوونی بکا بە دیار هیوایەوە**
**چاوی دەبێ بە گۆمی خوێن**
**جەستەی دەبێ بە کراسێ ئاودامان مۆر**
**دەستی دەبێ بە درەختێکی چەماوە**
**ئەوەی یەك رۆژ چاو بەستی کەن**
**هەتا دە مرێ بیری لەلای خۆرە تاوە .**

**١٩٨٢**

# لا پەڕە یەك لە پەیامی زیندانی یەك

(( بیری ئەم شیعرە لەزیندانا داڕێژراوە ))

ئەوەی بە رووی سبەینێ دا پێ بکەنێ
ئەوەی لە رووی بێدادیی دا دەس هەڵبڕێ ، بچریکێنێ
پێ ی دەزانن ،
بە رۆژ بە چ شەقامێکدا دێت و دەچێ
بە شەو لە کوێ ، ئارام دەگرێ
رۆژێك بۆی دێن
دەستەکانی لە کەلەپچەو زنجیر دەنێن !
لە زیندانا لە پێخەفی ئێشی دەگرن
وای لێ دەکەن ،
دەست و قاچی وەك یەك بمرن
یەك رۆژ دیلیی وای لێ دەکا
جارێك خەیاڵ ،
جڵەوی رێ ی دەداتە دەس پۆلە کچی وڵاتەکەی
جارێك بیری
بەناو هەزار کەندەلان و توولە رێ دا
رێ ی دەباتە بەر زریانی شەوێکی تۆف ،

سپی سپی وەك بەفرەكەی  سلە یمانی .
لە یەك رۆژدا
سەری دەبیٚ بە دووكەڵی نائومێد یی ،
یا دەبێتە خۆری ئومێد
بە رووی دەشت و دەرا دەچیٚ
ژێر پیٚ ی دەبیٚ بە گڕێكی هەمیشەیی  ،
لە حەژمەتا نازانیٚ چۆن بە دیواری
زیندانەوە ئۆقرە بگریٚ
نە كەلەپچە رێگای دەدا بستیٚ دیوار جیٚ بهێڵیٚ
نە دەشتوانیٚ ،
نە لەسەر پیٚ ، نە لە سەر چۆك ،
نە لەسەر لا ، نە لە سەر پشت
ساتیٚ چاوی ماندوێتی خۆی لە یەك بنیٚ
لە یەك رۆژدا ،
بیری دەبیٚ بە لا پەڕەی رۆژهەلآتێك ،
سپی سپی وەك بەفرەكەی سلە یمانی .
دەستی وەكو كڵپەی كاتی رقی لیٚ دیٚ
بە رووی زوڵم و زۆردا دەچیٚ
چاوی رەشی ی تیا نامێنیٚ ،  وەك گۆمی خوێن
دەڕژیٚ بە سەر تاریكایی ژێرزەمینی زیندانی دا

له یەك رۆژدا ، پە نجەی وەكو
گوڵە نێرگز كە هەڵكێشرێ لە كێڵگەی تەڕ ،
ئاوای لێ دێ ،
ژاكاو ، مەلوول
وەكو گوڵێ هەرگیز خۆری بەرنەكەوێ
پەژموردەبێ ، دادە چەمێ
قژی ژاكاو .. شانی لەنگە
ناو لە پی وەك دڵی ساوا ،
سپی سپی وەك بەفرەكەی سلە یمانی .
بەلام ئێشی بەند یخانە وای لێ دەكا
وەك پشیلە بمیاوێنێ
وەك تەیری گەڕ پەڕ فرێدا !
وەكو ئاژەڵ
لە سەر لەشی خۆی پاڵكەوێ ، گەر بتوانێ !
بەلام خەمی بەند یخانە
وای لێ دەكا جار جار شیعرێ بۆ خۆی بڵێ
جار جار ستران
لە پەناوە بنیشێتە سەر دوو لێوەی
نەوەك دڵی بە تەنیایی ڕابوەستێ !
قەت ناتوانێ تاقە شەوێ بە بێ شیعرو بێ گۆرانی

چاو لێك بنێ تا بەیانی .
بەندیخانە ، بۆ کەسێ کە چاو بەستی کەن
لە ژێرخانی تاریکی نێن ، ببیەستنەوە
شەو بێ ، رۆژ بێ وەکو یەکە !
بە شەو سەرما بە نجمی دەکرد ،
بە رۆژ ئاخم ، ئاخی لەشی داکوتراوم
دە مم ، گوێچکەم
هەتا درزی بن دیواری بەندیخانە
پڕ مێشوولە بۆگەنەکەم
لێ ی پڕ دەبوون :
(( میللەت هاوارە ، گەلۆ هاوارە ،
کێ فریاد ڕەسی ئێش و ئازارە ))
هەڵئەلەرزیم ، رۆژی ساتێك
لە پێ هەتاو بە دیواری ژوور سەرمەوە پێدەکەنی
کەلە پچەکەم بە دیواری زیندانەوە وا کلیل بوو
(( چی بکەم دەستم ناگاتە ئەوتیشکی خۆرە ))
لە پێ هەتاو ،
هیواو خۆزگەو ئاوا تمی پێوە دیارە
نەخشەی هەموو ولاٰتمی پێوە دیارە .
* * *

بە ئێواران مەلێك دەهات
لە ژوورەوە گوێم لیَ ی دەبوو
نەمدەزانی ئەو چی دەڵێ ،
نەیدەزانی من ئێستا کە لە ژێر خانی زیندانیێکام
کەس نامبینێ ، کەس نابینم
نازانم چۆن ؟
دەنگو باسم بگەیەنم بە شیرینم .
دەڵێن نامە ، نامەی ئەوین
گەر کەس نەبێ باڵدار دە بیات
گەر قەڵەم و قاقەزیش بوو ،
گەر مەلیش هات
چۆن بنوسم ؟
ئەو پە نجانەی جاران شیعرم پێ دەنووسی
جاران دەستی ئازیزی خۆم پێ دەگوشی
ئێستا بێ هێز بە لە پمەوەن ،
زەبری زنجیر دا یماڵیون
مەلوول نوستوون
نەك ئێستاکە ،
ئەڵێ ی لەگەڵ بوو نما مردوون ؟

١٩٨٢/٤

# سۆراخ

**بۆ هاوڕێ ی شەهید (( نجم الد ین فاتح ))**[1]

**هەزار گردی قووچ و ئەستەم ،**
**هەزار ریگای بەرزو نشێو**
**هەزار تەون ، هەزار زەلکاو لە ریتایە**
**ئەو کاتەی تۆ**
**دەستی تۆڵە بە هاواری ئەم رۆژگارە**
**نەعلەتی یە دەگەیەنی !**
**لەسەر رێتا ئێسکی کوردە بۆتە خەڵووز**
**چیای کوردە بۆتە سوپەر**
**چاوی کوردە بۆتە مانگی شەوی هاوڕێ ی ،**
**ئێمەی هاوڕێ ی رێگاوبان و شاخ و شەوگار**
**خاکی ئێمە جاری جاران لە مەڵبەندی ئاگر ئەچوو**
**ئێستا هەرخۆی ئاگرێکە !**

---

[1] **شەهید نجم الدین فاتح ( شێروان ) لە ٥ /٣/ /١٩٨٢ لە نزیك گوندی قازان شەهید کرا.**

ئای كه ئاگر بێ ئامانە ،
جارجار خۆشمان دەسوتێنێ !
سەری سپی پیرە مەگروون
لە تاو ئێشی ئەم میللە تە هەڵئە وەرێ
دەستی سووری پێشمەرگەی كورد
باو بۆرانی چوار وەرزی ساڵ رێ ی لێ دەگرێ
نە هەناسەی سوار دەبێت و
نە ماندوێتیش دەییاتە بەر دیواری مەرگ
لە گەرمیان و لە كوێستانی كورد نشینا
گەلای سوورو
گولاڵەی سوور بۆ كورد دەگرێ
هاوینان با ساباتی بەر خۆرە تاو بێ
زستانانیش دەبا چەتری بەر باران بێ
بەفرابـاریش ،
با بیكەینە گوندێ ، شارێ
تا باهۆزی بێ لانەیی نەمانگرێ .

*        *        *

هاوڕێی ون و بزر نەبووم
چیای - قازان –

رۆژی چەند جار لە بەر لاشەی دابیژراوتا
پشتی هەمیشە ئارامی دادەچەمێ
سەری هەمیشە بڵندی دەنێتە خاك
یا گەردنی شاری کەرکووك ڕادە مووسێ
یا روخساری خوێناویی تۆ ،
یا دێ گڕی گریانی من دەسڕێتەوە
یاخود ئێشی بەندیخانە لە دە مارم دادە ماڵێ
یا بە بەرگی کوردی یەوە ،
دەس بۆ مەمکی کچۆلانی زانکۆی بەغدا درێژ دەکا
یا نیوە شەو لەسەر ریگای رێبوارانا دادەگیرسێ
یا شەوو رۆژ
لە سۆراخی هاوڕێکانتا عەوداڵ بووە
سەر دەنێتە ئەم شاخەکەی هاوشانی خۆی
چاو ئەبڕێتە
ئاسۆی گەشی سبەینانی شەوگاری خۆی .

# هاوار

لە زیندانا ،
دەستم بەندی کەلەپچە بوو
پشتم مۆری جێ کێبڵ و
چاوم سووری جێ پەنجە بوو
قژم وەکو داری پایز ، گەڵا وەریو
چاو بەستە بووم
وەکو بازی بیابانی بێ باران و مرۆڤ نەدیو
تاسەی قومێ ئاوی روونی بنار شاخ بووم
بیرم وەکو باڵندە بوو
لە شەپۆڕی ئازاردان و هەڵواسینا
هەڵئەفڕی بەسەر لوتکەی ئاسمان شینا
باوەڕ پتەو ،
هەر خۆم نەبووم لە زیندانا
خۆم و شیعرو نیشتمانم
خۆم و خۆزگەو دەسگیرانم
نەمئەزانی گوێتان لێمە
کە جەللادی زیندانەکەم
دەس ئەنێتە بینە قاقەم !؟ ١٩٨٢

## گەلە گورگ

چ رازێ . .چ ئاخێ هەڵڕێژم
بتوانم دیمەنی یەك رۆژی ناو زیندان بكێشم
گەلە گورگ كە شاڵاو بۆ گیانی بەرخەلی دێ دەبەن
جەلادی لای ئێمە لە ئەوان گورگترن
هەر كەسێ گەر رۆژێ ، گەر ساتێ ، نەیبینێ
نازانێ دڕندەی لای ئێمە چی دەكەن !
چۆن شاڵاو بۆ گیانی لاوانی گەل دەبەن
چۆن زاری كۆرپەلەی بەرمەمكان دەرئەكەن
چۆن ئێمە سەرەو خوار بە زنجیر بەند دەكەن
چی بڵیم ؟
چۆن باسی مەینەتی و
ئازاری زیندانی عێراقتان بۆ بكەم !
نە (( نازم ـ حكمەت )) یش دیوێتی ئەم جۆرە ئینسانە
نە ( گۆران ) دیوێتی
ئەم تەرزی كێبڵ و كارەبای زیندانە .
چ رازێ .. چ ئاخێ هەڵڕێژم
بتوانم دیمەنی یەك رۆژی ناو زیندان بكێشم
جەستەم وەك خەرمانی داگیرساو

جارجارێ بڵێسەی هەڵدەستا
جار جارێ وەك گڕی دامركاو دەبوو بە خۆڵە مێش
جارجارێ هاوارم هەرچەندە بڵندبوو ،
كەس نەبوو گوێ ی لێم بێ
جار جاریش وەك مردوو بێ نووزە
بەلاَم وا ، باوەڕم نایەڵێ بمرم
نەجارێك كەلە پچە دەیەڵێ
دەس بەرم تا دەستی جەلادێك راگرم
(( چی دەكەی ؟ ! ))
نەیەكێ ، نەدوانن ، نەسیانن ...
گەلە گورگ تێم بەربوون
مەگەر هەر پەڕۆی سەر چاوانم
كەلە پچەی دوو دەستم
بزانن چەند سەختە ئازارم
چەند گەورە و پیرۆزە باوەڕو مەبەستم .

١٩٨٢/١١/ ١٠

# گزنگ

ئاسۆی سووری شاری کەرکووك
بەرگی ڕەشی
سەرکارێزو رەحیم ئاوای دا پۆشیوە
تەپ و تۆزی
رووی ئازادی و ئەحمەد ئاغای رامالْیوە
وا گزنگی ئومێدی کورد
دەڕوانێتە کاروانی دوور
لە پێشوازی سبەینێ دا
پێ ئەکەنێ وەك ئاسۆی سوور .

٢٢/ ٢/ ١٩٨٣

## خۆری زیندان

دوێنێ شەو بوو ژووری زیندان
دۆزەخێکی بێ ئامان بوو
بە کەلەپچەو بە کێبلْ و بە ئازاردان
زە وی شێدار ،
شێ ی گەیشتبۆ سەر ئێسقانم
ژێر زەمینی تاریکستان
دڕندە بوو ، کەوتە وێزەو ئازاردانم .
جەللادێك هات
سەربەرەو خوار هەڵی واسیم تا بەیانی
کە رۆژ بۆوە
لە جیاتی ئاو ،لە جێ ی هەتاو
جنێو دان و سەمونێکی رەقی هانی .
دوێنێ شەو بوو ژووری زیندان
لە بەر بۆنی میزی دیلی پێش من هێنراو
ئینسانی وەك چیای ئەویست ،
شێتگیر نەبێ ، نەشڵەژێ
وەك دۆزەخی نەفرەت لیکراو .

دوێنێ شەو بوو ژووری زیندان
دۆزەخێکی بێ ئامان بوو
ژێر پێم ئاوساو چاو شێتی خەو
لەش کەنەفتی ئازاردان بوو
رقی جەللاد کە ئاگری تۆقێنەر بوو
نەیئەتوانی خۆری ئاوات
لە دڵ دەرکات .

١٩٨٣/١٠/٢٠

## سلەیمانی

سلەیمانی ، شەو تا بەیان
لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەدا
ئەکەوێتە چەپڵە ڕێزان
سلەیمانی ، شەو نانوێ
پشت بە شاخی ئەزمڕەوە را ئەگرێ
لەگەڵ ڕۆژی سەرفرازی
ئەم میللەتە لەت لەتەدا ئارام ئەگرێ .

١/ ١٩٨٣/١١

## پێیان وتووم :
## باسی زیندان نەدرکێنم !

زیندان رۆژی چەندین کەسی  وەکو منی لا میوانە
ئەی میوانی ژێرزە مینی ئەنگوستە چاو
ئەم زیندانە  پڕ تاوانە
چەند شەهاب و چەند جەعفەرو چەند ئەنوەری تیا خنکاوە
یا باوەڕی گیانی چەندین کۆڵنەدەری تیا فڕیوە
بۆ سەر دەستی  پێشمەرگەی شاخ
چەندین بەستەی قادر کابان
لێرە بوونە بە لاوکی ئازارو ئاخ
ئەم زیندانە  پڕ تاوانە
ئاخۆ رۆژی چەندین گیانی وەکو منی لا میوانە
لێرە دام وبە کەلە پچە دیل و داماو
رۆژی روونیان لێم کردۆتە شەوە زەنگی ئەنگوستە چاو
لەم تاریکی زیندانەدا ئاگادارم  :
هەرێز وەك مار

لە گەردنی دەغڵ و دانی جوتیار ئالاٚ
بارووتی مەرگ بە سەر گوند و شاخا باری
دارو درەخت لە پایزان کەساسترن
گڕ بەربۆتە گیانی خاکی مات و غەمگین
کوڕانی شاخ ،
بۆ دینارو بۆ تمەنی بەغدا و تاران سەر دا ناخەن
شاخ قەلاٚیەو
چۆن ئارە زووی ویرانکەری دڕندەو هار
قەلاٚی سەختی هیواو ئاوات دەڕمێنێ ؟
لە م زیندانە تاریکەدا ئاگادارم :
هاوڕێکانم ، سەر ریٚگەیان هەڵەمووتە
قەراغ رێ یان ناو جەنگەڵ و چڕستانە
هەڵەمووت وجەنگەڵستان
هەرگیز نابنە
ئەستەمی سەر رێ ی کاروانی تفەنگ لە شان .

*      *           *

ئێستا شۆخە هاوڕێ ی چاوشین
دەبێ بەرگی رەشی تۆخی لە بەردابێ

یا کراسی  سووری خوێنین ؟!
یا وەك جاران خۆی دەشوات و
پرچی لە بەرئاوێنەدا شانە دەکاو
ئیمتیحانی خۆی دەدات و
هەر لە  پلەی یەکەمدایە  ؟!
یا مەلوول و سەراسیمە
نازانیٚ روو لە کویٚ بکات  !
نەك لە دەرگای زیندان بدات
رێگای نادەن  ،
هەر دەنگیشی بگاتە لای دەرگاوانی
زیندانێکی قووڵی وڵات
ئای گیانەکەم  !
بەندیخانەی ئەم وڵاتە  ئاوا نیە وەك زانیوتە  ،
لە کتێبی یاساناس و
لای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ  باسی دەکریٚ  !
لێرە زیندان  پڕی گورگە
رۆژی سەدجار
شەوی سەدجار
لە بەر کەڵبەی گورگا دە مرین
ئای گیانەکەم  !

چوار پارچەین و ، سەد پارچەین و
کەچی هێشتا هەر یەك ناگرین !
* * *
وێنەی تەڵخی زیندان بگرم
یاخود وێنەی دڕندانەی جەللادەکان
وێنەی پشتی داخکراوی هاوڕێکانم پیشان بدەم
یا پشتی خۆم
یا خود وێنەی جێ کێبڵ و ئاو پیا رژان
وێنەی ژێر پێ ی برینداری روو لە بنمیچ هەڵواسراو
یا خود سەری بژو چڵکن
لە بەر ئاوی ساردا لەوتاو
دەنگی شیعری کپ کراوی دەروونی خۆم بگێڕمەوە
یا هاواری پیرە مێردێك ،
دە یویست خەڵکی گوندە چۆڵ و وێرانەکەی
بێنە فریای !
پێیان وتووم لە دوای بەربوون
هەرچی قسەی زیندان هەیە نەیگەیەنم
چی نهێنی زیندان هەیە نەید رکێنم
دەبپرسن ،
لە زنجیری هەڵواسین و لە شریتی فەللاقەدان

به دەم ڕێوە ، دە بپرسن
لە کەلەپچەو لە کێبڵ و
لە کارەبا ولە پەڕۆی سەر چاوەکانم
دوای پرسیاری ووردو درشت
ئێوە بڕۆن ، بۆ سۆراخی دوا هەڵمەتی
ڕۆڵەکانی پارێزگاری نیشتمانم .

١٩٨٣/١١

## دوو هەڵگورد

لەو هەورازو
شاخی سەخت و ڕێ ئەستەمەی بنار هەڵگورد
ئەمشەو بەفر تا ناو قەدی مرۆڤ باری
هەڵگورد تازە پێشمەرگە بوو
بریاریان دا :
بینێرنە ئاوایی یەك
ووتی : ناڕۆم ،
نیشتمانم لە ژێر زوڵما لەت لەت بکرێ
ئەی پێشمەرگە چیە ئەگەر ترسی هەبێ
لە ناو بەفرا شەوێ بمرێ !
کە ڕۆژ بۆوە
هەڵگورد لەگەڵ تاڵە تیشکی خۆرەتاوا
هەرئەوەندەی توانی بڵێ :
ئەی هاوڕێیان ، من ماڵ ئاوا !

١٩٨٤/٤

# گەرانەوە قەدەغەیە

((مردن شتێکی ئاسایی یە ، بەلاّم مە ینە تی لە وەدایە مرۆڤی مەزن لە ئاوارە ییدا بمرێ!))

بۆ ـ مەعین بەسیسۆ ـ[1]

بەرێوە یە ،
بۆ هەواری خەونی خۆش خۆش
بەرێوەیە ،
لە بەهەشتی چاوی گەش و شینی کچان
وەکو پە نجەی مایکۆفسکی لە پارکێکی رەنگاو رەنگا
تابلۆی شیعرێك بنەخشێنێ بۆ نیشتمان .
بەریوە یە ،
دونیا وەکو دەریای سوێری سەگی بەڵەك[2]
ریی ئەوسەری لێ دیار نیەو

---

[1] شاعیری شۆڕشگێڕی فەلەستینی ـ مەعین بەسیسۆ ـ لە سەرەتای ١٩٨٤ دا لەلەندەن کۆچی دوایی کرد .لە ژووری ئوتێلێك دا بوو شەوێك لە پاش مردنی پێیان زانی کە مردووە ! ویستیان تەرمەکەی ببەنەوە بۆ فەڵەستین . رژێمی زایۆنی ریگەی نەدا .

[2] سەگی بەڵەك : ئیشارەتە بەرۆمانەکەی ئیتماتۆف.

سەری بەرزی  تەم و مژی شاری لەندەن داپۆشیوە
هەناسە سوار  ،  بەرەنسکی دوورە وولاّت
بەرە و دونیای مەرگی دەبات  .
تەمەنی ئەو لە بوونی یەوە  ،  هەر سەفەرە
لە سەفەردا  ،
پڕ گیرفانی  ،   هەردوو دەستی  ،  ناو جانتاکەی
هەموو شیعرن  ،  شیعری تووڕە
شیعری ئەویش  ،
لە ژێر بەردە بارانیشا  وشەیەکی لیّ ناوەریّ
دەنگ و رەنگ و ئیقاعی خۆی لیّ تێك ناچیّ
شیعری پیرۆز  ،  وەك شەهێنی بەرزە فڕە
ئەوەی سەر بۆ دەستی زۆردار دانەوێنیّ
ئاوڕی لیّ ناداتەوە
وەك کچۆڵەی خان و مانە
کیّ بیەویّ جوانی یەکەی لەکەدارکات
پە نجەرەی لیّ ناکاتەوە  .

*        *        *

(( خه نجه‌ر كێلانی خۆی هه‌یه و

كێلان خه نجه‌ری خۆی هه‌یه )) [1]

ئیتر بۆچی ؟

پاش مردنیش ، گه‌ڕانه‌وه قه‌ده‌غه‌یه !

ده‌بێ ئه‌مشه‌و ،

ئه‌و دۆزه‌خه‌ی كه مه‌رسوومی گه‌وره گه‌وره‌ی لێ ده‌رده‌چێ

خێرا به‌رده باران بكرێ

تاكو لاشه‌ی ئاواره‌یه‌ك

به‌بێ روخسه‌ت ، به بێ ڤیزه‌ی داگیر كه‌ران

سنور ببڕێ و

زوو بێته‌وه بۆ نیشتمان .

١٩٨٤/٦/٤

---

[1] ئه‌و دوو دێره له قسه‌یه‌كی ( ره سوڵ حه مزاتۆف ) دوه وه‌رگیراوه .

# ئەڵقە

وەك پشكۆی كوانووی
لە دە ور ئاڵاوی وە رزی بەفرانبار
كوردستان سوورە
ئێمەش لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا
بە دە وری تەرمی شەهیدەكانا
ئەڵقە دەبەستین
كە زۆر دار سمی هێنایە خاكی سوور هەڵگەڕاومان
ئێمەش هەروەكو شەهیدەكا نمان
گیان لە سەر دەستین .

١٩٨٤/١٠

# شـــــــكۆ

ئەگەر تەماشای (( سەروو ))ی شۆستە کەم
خۆی راوەشێنێ وەد ماخی بەرز بێ
دیارە شەقامیش ،
هەواڵ دەزانێ تۆ بە وێدا دێی
ئەگەر تەماشای قەراخ ڕێ یەك کەم
بنچك زە وی یان
بە جێ هێشتبێ و هەڵسابنە سەر پێ
دیارە تۆ نیازتە بەوێدا بڕۆی .
ئەگەر لە وەرزی
وشك و بێ ئاوا روو بکەیتە ئاسمان
هەوران گفتو گۆی نەبارینیان بێ
لە بەرچاوی تۆ باران دەبارێ !
باوەشی هەورو
شنەی کەژو کێو لە یەك دەئاڵێن
پەشێویی جەستەم بە جێ دەهێڵێ و
رەهێڵەی عیشقی پیا دێتە خوارێ .

شه‌پۆلی هاری دوای شه‌سته باران
په‌ل بۆ کوێ بکوتێ
له دوای هاژه هاژ ده‌نیشێته‌وه
باڵی شکسته‌ی مه‌لی ئومێدم
ئه‌گه‌ر پرچی تۆ ببێته لانه‌ی
له‌ت له‌تیش بووبێ ده‌گیرسێته‌وه .

۱۹۸٤/۱۲ هه‌شه زینی

## دەسەلاّت

کەرۆژ هەلاّت
لە گەرمێندا ، جێ پۆستاڵی ژەندرمەیە
لە سەر ریّگەو تەختایی دا
تەپ و تۆزی زرێپۆش و دەبابەیە
لە ئاسماندا
گرمە گرمی ناپاڵم و فرۆکەیە
لە شاخیشدا
هەر قرمژنی چەکی دەستی پیّشمەرگەیە .
کە شەویش هات ، کە رۆژێکی تریش هەلاّت
لە شاخ و دەشت
ورە و هیّزو دەسەلاّتی داگیرکەران
گشتیان لە ژێر پیّلاّوەکەی پیّشمەرگەدان .

١٩٨٤

# پاشەرۆژ

هەتا ئێستا ژینی ئێمە
وەکو کاتی خۆر ئاوا بوون چاوی سوورە
کەس نازانێ خاکی ئێمە
ڕێ ی بارانی چەند ساڵە ڕێ لێوە دوورە
دارو درەختی دەشت و هەرد
لە وشکان و بەردەلانا کز داماون
مەگەر فرمێسک هەڵبڕێژن
مات و غەمگین بێ پەل و پۆ ڕاوەستاون .

*    *    *

وشکە سەرمای وەرزی شەوگار
خەڵکی شارو گوندی ئێمەی پەك خستووە
بەڵام ئەوەی بەڕێوە یە
سەربەرزانە ، خاوەن دڵێکی زیندووە
ئەگەر مرۆڤ چۆك دانەدا
ئەگەر مرۆڤ بە ئومێدی پاشەرۆژ بێ
ئەو ڕۆژە دێ
ڕەهێڵەی لێ هەڵبکات و خۆریش هەڵبێ .    ١٩٨٤

# درەختی دڵ

سەردەمێك بوو
درەختی سەر چەمی خوڕی گریانم بووی
بەر ڕەشەبات لێ گرتبووم
ئەوسا خۆزگەم هەر ئەوە بوو
هەر پەلكی تۆ شوورەم بووایە ،
كوێر بووم ، بۆچی وەریتە ناو دیدەمەوە !
سەردەمێكیش تەرزەو بەفرم لێ دەباری
چلەی زستان چی لە كڵۆ بەفر بكەم
بڕت نەكرد هەتا هاوین
بە سەر سەرما توایتەوە !
هەر تۆ نەبووی لێم بزربووی
ئەم دونیایە بەم زەبەندە كۆستەشەوە
گەردوونێكی هەراسانەو
شینی مەرگی بێ چرپەیە
باوبۆرانی بێ هاژە یە !
یا پەردەی گوێ لەت لەت بووە
یاخود دونیا دەریا ی مەنگە !
هەرچی بڵێم ،

جێگەی لوێچیٚ فرمێسکی  تیا نابێتەوە
گریٚ ی خەمی کۆستی تێدا  ناکرێتەوە
لالٚ بم چیم کرد  ! هەرزەکار بووم
زوو نەمزانی تەمەنی تۆ
تارای ئاڵی خۆرنشینە
دیمەنی تۆ درەختی گویٚ روبارێکە
سەر دەنێتە گۆمی بیٚ پەی
شێت بووم ، چی بکەم  ! دلٚ رە و دەکات
درەختی دلٚ بە چوار دە ورا  پەل دەهاویٚ
لەو گوزەرەی  نمەی شادیی لیٚ بباریٚ
هەوار دەخات .

١٩٨٥-١٩٨٦
کەرکووک

## دورگەی مردن !

پایزێکی خۆڵ بارانە
دوورو نزیك کەس نابینی
چاوی لە بەر تەپ وتۆزا دانەڕژابێ
دەفتەری دەست منالآنی قوتابخانە
پرچی تازە شانە کراوی کچانی شەنگ
چاوی هاری کوڕانی سەر جادەو کۆڵآن
درەختی سەر شەقامەکان
چی دەبینی ، چی نابینی
تۆز دایگرتوون
سەر بنێرە ، سەر ئەژنۆی خۆت
یا ئەم شارە جێ بهێڵە !
پێ هەڵگرە ،
بە کام ڕێ دا دەڕۆی ، بڕۆ
ریگەو بانی ماڵی خۆتان سەد توولە رێ ی لێ بۆتەوە
لق و پۆپی داری ی خۆزگە ، داوەریوە
هەر چڵێکی ، سەد چڵی لێ کەوتۆتەوە .

١٩٨٦/٤ کەرکوك

**بەشی دووەم**

# دونیای سپی

# خەیاڵ

چرپەی دەنگتان
سیمای رەنگتان
لە هەزاران رێ ی دوورەوە
ناگەنە من
لەو دیو کێوی سنوورەوە
وا لە گۆشەی دووری وڵات
مەگەر خەیاڵ
نامەم بۆ لای ئێوە ببات !

١٩٨٦/٩

## دووركەوتنەوە

تۆم به جێ هێشت
خۆزیا ئەو رۆژە دەتبینیم
نیشتمانی خۆم بە جێ هێشت
هیچ گریانێك
وەك فرمێسكی ئەو رۆژەی من بە كوڵ نەبووە
چی گریابم
وەك گریانی دووركەوتنەوەم بەدڵ نەبووە
ئەو رۆژەی وا تۆم بەجێ هێشت
لەناو دڵتا خۆم بە جێ هێشت
دوور لەخاكی نیشتمانم بۆم مەگەڕێ
قەت هەڵناكەم
بێ سروودی ولاّتی خۆو بێ گۆرانی ی
ئەگەر تۆیان دۆزیەوە و دڵتیان لەت كرد
منیش بابیمە قوربانی ی .

١٩٨٦/٩

# چراخان

سەنگەر چۆڵ بوو
چیا شەوی لە کۆڵ نابوو
یەکەم گوللەی پێشمەرگە هات
چراخانی نیشتمانم
ڕەواندیەوە
تاریکایی سەر چاوانم .

١٩٨٦

## تـــف

لێرە نەفرەت لە خۆفرۆشان
لەویٚ ترس و سەردانەوان
لێرە نەبەرد و سەرسەختی ی
لەویٚ نوستنی سەرمەستی ی .
ماڵی ئێمە کەلاوەیە و ئـاوەدانە
ماڵی ئێوەش رازاوەیە و هەر وێرانە
ئەگەر ئێمە نـانێکمان هەبیٚ بەسمانە
ئێوەش هەزار نانتـان هەبیٚ
هێشتـاکە هەر برسیتـانە .
تف لە ئێوە ، تف لە خۆتـان
تف لە پارەو کۆشك و خووتـان
چیتـان نەکرد بۆ شەوێکی سەرمەستیتـان
ئەگەر تۆزیٚ کەرامەتتـان تێدا مابیٚ
کوانیٚ هەستی سەربەستیتـان ؟!

١٩٨٦

# باران

هەر لەویٚ هاتم
دەمزانی دڵم لە ژێر پیٚ ی ئەسپی سەفەردا دەگری
دەمزانی چاوم
هەردەو کەلی سەخت لەگەڵ خۆی دێنیٚ
ئاگری قینی نێوان ئەم و ئەو
هەزارانی وەك من دەسووتێنیٚ
هەر لەویٚ هاتم
کە پری گڕ تێچوو ، گوندی وێرانە
لوتکەی تەم گرتووی ئەم نیشتمانە
لەتاو شاڵاوی ژەندرمەی دوژمن
گشتیان ئاڵانە سەری پر کێشەی گەلێکی وەك من .
هەر لەویٚ هاتم
سەر پە نجەی تەزیو ، داری پایزان
بڵێسەی دڵ و پەڕندەی سەر کێو
کەوتنە شین گێڕان ، بۆ تاویٚ باران .

١٩٨٦/١٠

# شۆڕە سوار

له بەر پیّ ی رقی ئەسپی پیّشمەرگە
لوتکەی تەم گرتوو سەری دانەوان
شەختەی ریّگەو بان بوو بە کانی و ئاو
ئۆردووی داگیر کەر کەوتە ئاوزنگ دان .
چرای نیوە شەو چاوی هەلۆ بوو
کویّرە ریّ ی دووری لە لوتکە تا خوار
لە رەوەزو هەرد ، بن دەوەن ، بن بەرد
خستە بەر سمی ئەسپی شۆڕە سوار .

١٩٨٦/١١

# دونیای سپی

ڕێ دیار نیە
شاخ و قەد پاڵ
دۆڵ و لوتکە ، بەردەرگەی ماڵ
هەمووی بەفر داپپۆشیون
بە شەوو ڕۆژ بەفرە بارێ
لە ژوور دەرچم
چاوم بە رووی ئەم دونیا یە سپی یەدا کزکز هەڵدێ
تا دێمەوە
تەواو سەرم سپی دبێ .
ئەوەند چەپ و ڕێگە دوورین
کەسێ نیە هەواڵێکی تۆم بۆ بێنێ
ئەگەر رادیۆو بێ تەل نەبێ
هیچ هەواڵێك ناگاتە من
یا پێشمەرگە ، یان کاروانچی
ئەوان نەبن ، کەس ناگاتە ئەم مەڵبەندە
ئەی هەورەکە ، خۆزگەم بەخۆت
بەسەر شارو دەشتا دەڕۆی
دوات ناکەون ، لێت نا پرسن !

دەزانی بۆ لەم شاخانەم ؟
دوژمنانم لێم دەترسن

*  *  *

نە کچۆڵەی ئێوارانی قەراخ دیجلە لێرە هەیە
نەگەڕانەوەی پاش ژووان
سەردەمێکە بەفر هاوڕێ ی هەمیشەیی پەنجەکانمە
پۆلووش تیشکی گەشی چاوان .
دوژمن رێگای لێ گرتووین
بەناو بەفرە شاخ دا نەبێ ، رێگە نیە !
رەوە ئەسپم بە چاو دەدی کێویی ببوون
سەگم دەدی لە ناو پەردووی ئاواییدا
قروسکەیان ئەو شاخانەی گرتبۆوە
مەڕو مالاَت پڕ شیر ببوون
کابان لە ناو تەلبەندێکا بوو دەگریا
چەند پێشمەرگە لە کوێستانێکەوە هاتن
رێگەو بانیان لێ گیرا بوو
ووتیان بەفریان شکاندووە ،
رێگەیان بۆ هاتو چۆی خەڵك کردۆتەوە

هەر ڕێگایەك ترسی هەبێ
ئەوا پێشمەرگە چاوساغە
هەر کوێستانێك گورگی هەبێ
ئەوا ئەوان لە پێشەوەن !

*        *        *

ئەو دیو دیواری ژوورەکەم هەمووی بەفرە
پشت دەرگاکەی هەمووی بەفرە
تا چاو بڕکا دونیا بەفرە
سۆپەی ژوورم ، بەین بەین تەزیو
جار جار داخ داخ
ئاخۆ ئێستا پێشمەرگەیەك لە کوێوە بێ
تا ئەژنۆی تەڕ ، پە نجەی سڕبوو
گوێچکەو لووتی سوورە وەبوو
نامەیەکی بچکۆلانەی بۆ من پێ بێ .

*        *        *

به دیار پشکۆی سوورو گەشی ناو سۆپەوە

خەیاڵ ئێرە بەجێ دێڵێ و دەڕوا ، دەڕوا :

(( چاوێکم کەوتۆتە سیروانی گریانی خەڵکەوە

دەخنکێ ، بیگەنێ

ئەوی تر بە لوتکەی سەگرمەی عیشقەوە تەزیوە

بیگەنێ .

پەلێکم لە بەفری قەندیلا دەسووتێ

پێشمەرگە لە دەوری ئالاَّون

ئەوی تر لە شاری کەرکووکا ماڵەو ماڵ دەگەڕێ

چ ماڵێ دەر دەکرێ !

دڵیشم لە هەردەی گەرمیاندا

کەروێشکەو راوچیان نایگەنێ )) .

١٩٨٦/١٢

بناری قەندیل

## هەڵوێستێك

کێوی سەختی ئاواتم تۆی
نە هەرەسی ڕێبەندانم بە سەر سەرا ببارێنە
نە سەرچاوەی هاوینانم بشڵەقێنە
چی لەو کێوە گەورە ترە !
کە زمانم هەڵدەکێشن
دەست بۆ دارو درەختی ئەو درێژ دەکەم
کە رێگەو بانم لێ دەگرن
بە پشتی ئەودا دێمەوە
کەی زۆر پەست و داخ لە دڵ بم
هەرکە پشتم لێ وەرگێڕا
تەوقی توندی پەشیمانی ی دەچێتە پێم
دەسبەرداری سنووری ئەو کەژە نابم
بە داوی سۆز
سەرانسەری نیشتمانم پێ تەی دەکات
چی گومان و ترسم هەیە
بە دەم کەلی ژێر بەفرەوە زریان دەییات .

*   *   *

لە ئێستاوە تا ڕۆژ هەڵدێ
چرای چاوم
بۆ سەفەری ئەمدیو ، ئەو دیو دادەگیرسێ
هەرچی برینێ لە پشتم بکاتەوە
لاکەمەوە ، بە یەك تفێك
دەستی سووری دەشۆمەوە
هەرچی برینێ لە سینگم بکاتەوە
بە هەزار تف
ناوچەوانی دەشۆمەوە
وا شە پۆلی هەستێکی توند رام دە پێچێ
گریا نمی لێ کردوومە بە لافاوی نائومێدی
بەردەبازی هیچ بوارێك دەرناکەوێ
چەندەم جارە تەرمی دڵی خۆم ناشتووە
ئەی کەژی سەختی ئاواتم !
بەردەبازی پەڕینەوەم
لەگەڵ خۆما هەڵگرتووە .

* * *

خۆر نشینێ چاو دەبڕمە کەژی سپی
دڵم لە بەر کزەی ساردی ئەو شەوەدا
هێلانەیەك دروست دەکا
دەمەو بەیان کە دێتەوە
چی هەڵمەتی ئەو شەوەیە
چی نهێنی پێشمەرگانەو نەبەرد هەیە
وورد وورد هەمووم بۆ باس دەکا
شەوی دوایی دڵ دەردەکەم :
(( هەتا کەرکووك ڕانەوەستێ ! ))
ئاخۆ نۆرەی دەرکردنی ماڵی ئێمە نەهاتووە
ئاخۆ ڕیشی سپی باوکم لە خەفەتا
چەندەی جاران درێژ بووە !

١٢/ ١٩٨٦

بناری قەندیل

# ساڵێکی تر

وا ساڵێکی تر دێتەوە
زمانی بێدەنگیی شیعرم
هەستا ئێستا ،
هەر خەمی کۆن دەجوێتەوە
دارستانم لە بەرتەرزەی نەهاتیدا
دەشکێتەوە
چەم روباری خوێناوی یە
رۆژگار دەڕوا ،
خەمی تازەم دەژێتەوە
نیشتمانم هەر چاوەڕێ ی ئازادی یە
دەستی زبری درێژ دەکا
پە نجەی دەبڕن !
-دەتوخوا بۆ ئەو پە نجانەم
هەڵدەوەرێن ، یەك یەك دەمرن !
کاسێتی ژینی رابردوو
وا ئێستاکەش
بە دەستی بێ پە نجەی خۆمان
جوان دەیجوێ ، ژینی زیندوو
شاخ پە نجەیە

دار پەنجەیە
گوند پەنجەیە
شار پەنجەیە
تەکانی تیژی پێشکەوتن
لەلای ئێمە ،
ئیستاکەش هەر بەلەنجەیە !
* * *
وا ساڵێکی تر دێتەوە
هەتا ئێستا ،
تەمەن لە ژێر باری خەما دەشکێتەوە .
نازانم ڕوو لەکوێ بکەم
ئەمسەر ڕێگا هەر شەهیدە
ئەو سەر ڕێگا هەر شەهیدە
لە نێوانی ئەم شەهیدو ئەو شەهیدا
هەرچی دارو بنچك هەیە
پرچی سووریان بە دەم باوە
وا بە سەر لوتکەی چیاوە .
* * *
ساڵێکی تر وا هاتەوە
چاڵێکی تر نەوتی تازە

خەمێکی تر بە بەر کوردا دەکاتەوە
ئەو دێ سەرینمان دەداتێ
ئەم دێ دەڵێ :
ئەوا سابوون بۆ ژێر پێتان
ئەوی تر دێ
ژەهری مردن بە سەرمانا دەبارێنێ
یەکێکی تر ،
کە دێ باوەشمان پێدا کا
کەللە سەرمان دەتاسێنێ .
دەدەی بانگ دەن :
هەر یەکگرتن ،
بەدوا رۆژی ئازادیمان دەگەیێنێ !

رۆژانی کۆتایی ١٩٨٦/١٢
بناری قەندیل

# ژیان و مەرگ

ئێمە فێرین
ژوان لەگەڵ بەفرا دەگرین
یا رێ بەدوژمنان نادەین
یا بە سەر شاخەوە دەمرین
دوژمن ئەژنۆی هیچ کەسێکی
لە ناو بەفرا راناوەستێ
بەرگی ئاسن دادی نادات
هەر ئەوەندە
پۆلێ پێشمەرگەی لێ هەستێ .
ئەوان ناگەنە ئەم دەورە
چیای ئێمە
یا .. ئاگرە یا بەفر رێگەی گرتووە
کەی بەسەر شاخا هەڵگژێن
تەماشا کەن !
بە ڕیز چەندیان لێ مردووە .

١٩٨٦/١٢/١٨

بناری قەندیل

# گەڕان

چیت لێم دەوێ
وا ئاسکۆڵەی هەڵوێستی من
بە سەر لوتکەی بێستونەوە
بە دوای شیرین دا دەگەڕێ
قژی سپی شاخی بەفرین
وا لە هەنگاوم ئالاوە
رەشبەڵەکی ئاهەنگێکی بێ کۆتایی
دەورەی دەشت و دەری داوە
لە ناو بەفرا
لەبەر تەرزەو رەهێڵەدا
ئاهەنگی شەو خۆشتر دەبێ
وا شاخەو شاخ
وا شارەو شار ، بۆ ت دەگەڕێم
چیت لێم دەوێ
ئەوا ئێستا
لەناو تەمی ئەنگوستە چاوی زستانا
لە ولاتی غەریبانا
هەناسە سوار ، بەبێ پشوو
ئارام ناگرێ لەشی ماندوو

بناری قەندیل ١٩٨٦/١٢/ ١٩

## سرودی سەرچۆپی

بۆ ـ وریا[1] ـ ی شەهید

ئەو دەمە ،
دامێنی سەگرمە گژوگیای تا ئەژنۆ هەڵچو بوو
لای (( قەلا )) بەهاری رمبازی و ئەوین بوو
کۆرپەیەك پێ رەوەکە ،
بێ ئارام ، بە دەستی دایکەوە
پێ ی خۆش بوو ، ناو کۆڕی دیوەخان جێ بێڵێ
پێ ی خۆش بوو ، رۆژ تاکو ، ئێواران
بێ وچان رابکا ،
بچێتە ناو کۆزی کارژۆڵەو بەرخوڵەی بەهاران .
ئەو دەمە کەس نەبوو بزانێ
وا وریا خاوەنی دڵێکی بچکۆلەو ئاواتی گەورەیە
رۆژێ دێ ،
رابەری پێشمەرگەی ئەم دەشت و دەورەیە .
ئەو دەمە کەس نەبوو لای وابێ

---

[1] وریا لە پایزی ١٩٨٦ لە شەڕی قەیوان ـ ماوەت دا شەهید بوو .

بنچك و گولاڵەی گەرمیان

باڵایان هەڵبکا ، کەڵەگەت

وەك بەژنی وریا بێ

تا وریاش ،

لاولاوی ئەوینی مردنێك لەباڵای ئالاَبێ

ئەو مەرگە ئیمڕۆکە

پێ ی دەڵێن : ژیانی شەهیدان

ئەو ژینەش ، سبەینێ پێ ی دەڵێن :

سروودی سەرچۆپی کوردستان .

*         *         *

چەند بەهار تێپەڕین

وریا بوو بە ئاسکی ئەو هەردە

بە هارێك بە دیوی گەرمیاندا

بە هارێك بە دیوی کوێستاندا

هاوینان هەندێ جار ،

سەرچاوەی کانیەکەی سەگرمە

هێلانەی پشووی بوو

پایزان هەندێ جار درەختی قەرەداغ

کە پڕۆکەی بەر تەرزەی تەمەنی ماندووی بوو .

*         *         *

خورپەی بەر سێبەری ئەشکەوتێك لەو خوارە
هەواڵی شەڕێکی بەتین بوو بە دەوری چیادا
ـ دەی برا رێکەون
قوربانە ، رێکەون
بە پەلەو بە تەکان
مەهێڵن گوڵاڵەی ئەم هەردە
بە گڕی ئاگری ئەو کەژە بسووتێ
مەهێڵن چەکمەی پێ ی دوژمنان
بگاتە سەر کەژان !
هەڵمەت و کەندو کۆسپ ئەژنۆیان شل نەکرد
تا لوتکە نەوەستا ، بە گوڕ بوو
هەر دەتووت مردنی تاو داوە
تا لەوێ خوێنی خۆی باراندە
سەر رەزو دار بەڕووی ئەو ناوە .

* * *

لە بیرمە ،
ئەو رۆژەم لە بیرە ، لە گەرمیان
پێت ووتم :
لە هەرکوێ دوژمنان دەرکەون

لە دوای شەڕ دێمەوە ئەم دێ یە
خۆر نشین وەك جاران
منیش و هاوڕێیان
ڕێ ئەگرین بۆ کوێستان .
ئەو ساکە ، یەك کەس بووی ،
لە دەشتی گەرمیان و لە شاخی کوێستانا
ئێستاکە دوو کەسی ،
وریاکەی جاران و
ئێستاکەی وڵاتی شەهیدان .

* * *

ئەگەر تۆ پێشمەرگە نەبوایەی
بۆ دایکت لە جێ ی خۆی ڕەویەکرد
ئەو شاخە ،
بۆ سەیری هەڵمەتی تۆی ئەکرد ؟!
پەڵە هەور شارو دێ جێ دێڵێ
بارانێ دەبارێ
چەمی خوڕ ،
درەختی ئەملاولای جێ دێڵێ
کەناری دەبێتە بەهارێ

شانی تۆش کە تفەنگ جێ دێڵێ
کوردستان  بارانی ئاگری بە سەردا دەبارێ .
*        *        *
وا چەمی ڕۆخانە دەگەڕێ و بە ڕۆخی خۆی دەڵێ :
لەو ساوە ئەو ئاسکەم وون بووە
هێمنی ی جارانم نەماوە
شە پۆلم شەیدایەو ،
چنگی لە دارو بەرد گیر دەکات
گریانی تووڕەییم بە سەردا  رژاوە  .
وا باغی (( جەباری ))یش لە خاکی بەرنسێ ی دە پرسێ :
لەو ساوە  پێشمەرگەی وەك وریام  نەماوە
هاوینان شانی بە تفەنگ و پشتی بە مەخزەنی
بنێ بە را نمەوە ،
دەروونی ئەو هەردەم دەسووتێ
پەل و پۆی درەختم شێواوە .

بناری قەندیل
٢٩ـ ٣٠/١٢/١٩٨٦

## ئەو دیو چیا پاوان نیە !

( ئێمە چەند دوژمنێکمان هەیە ، داگیرکەر و هەورازی سەخت و بەفری زۆر و سەرمای بێ ئەندازە ، دەبێ لە یەك کاتدا دژی هەموویان بجەنگین ! )

بەفرستانی ئەم هەوارە
ئەژنۆ سست و شەکەت دەکات
زریانی بێ رەحمی ئێرە
پیرو لاو پێکەوە دەخات
تیشکی چرای کزی چاوان
بۆ شوێن پێ یەك
بە سەر بەفری ئاوێنەدا
بە چوار دەورا دەکەوێتە هەڵەداوان .
پە پووش هەواڵ بۆ ئەو دیوی چیا نابات
شادی رەوەندێکی سەیرە ، تاقە شەوێك
بارو بنەی لێرە ناخات .
ئاستانەی هیچ ماڵێك نیە
گرێژەنەی بە رەشەبا نەترازابێ
مەلی ئەو کێوو کوێستانە ، لێ ی شێواوە
مەلێك نیە ، بۆ حاڵی خۆی

یا بۆ دەردی سەختی ئێمە نەگریا بێ !
کەس لە ماڵی خۆی غەوارەو نامۆ نیە
تیرۆژ ئەگەر نەگاتە ماڵ
ئەم پاوانەی دەورو بەری ژینی ئێمە
دەبێ بشکێ و بگەینە ئەو دیوی چیا .
لەو دیو چیا کچێك هەیە
شەنگ وچاو گەش
ئەم دڵەی من هەموو رۆژێك
دەبێ بە باڵداریکی هار
لە تاو زریان سەر دەنێتەوە بن باڵی خۆی
ئۆقرە ناگرێ ، تا نەگاتە ئەو لوتکەیە
کە دێتەوە ، ئەوەندەی تر
توێشووی عەشقم پێ دەبەخشێ .
دەبێ رۆژێ ئەم تاراوگەی ،
بەری ئاسمان بە مەینەتی ی داخراوە .. جێ بهێڵین .
ئای دڵنیام
دەبێ رۆژێ کە پری ئێمەش
لەگەڵ کە پری ئەو خەڵکەدا
بکەوێتە بەر شنە بای شادی و ئارام
ئەو دیو چیا پاوانی مەینەتی ی نیە !

**لەوێ نەبێ داری خۆزگە چڵ دەرناکا**

**لەوێ نەبێ ، گوڵاڵەی عیشق**

**لەبەر سۆزەی ئازادیا سەما ناکا .**

* * *

**ئەوە بۆچی سنووریان بۆ قات و قڕی راکێشاوە**

**میوانێکی ئێسك قورسی هەمیشەیی ئەم ناوە بێ ؟!**

**لە تەمەنی نەبوونیشدا ، سەری پڕئێش**

**دەکەوێتە ژێر بەفرەوەو ، دا نانەوێ**

**ئەو دار گوێزو داربەڕووانەی**

**هەر چوار وەرزی نەهامەتی راوەستاون**

**ئەوە ئێمەین ،**

**گەلا دەگرین .. هەڵدەوەرێین**

**هەڵدەوەرێین .. گەلادەگرین**

**هەربە پێوەین ،**

**هەتا دەمرین !**

* * *

چوار رێبوار بوون
هەریەکەیان خەڵکی گوندێك
بۆ ئەو دیوی چیا ئەچوون
لەو دیو بەفر ، رێگەو بانی نەگرتووە
دێن و دەڕۆن
لەوێ زریان
هیچ کەسێکی نەخستووە .
هەتاوی سەر تەمی ئاسمان
لە گەشتی خۆی دوا ناکەوێ
کەی بە سەر ئەم ئاقارەدا تێ بپەڕێ
لەو دیو سنووری هەورەوە ئاوا دەبێ .
چیاو بەندەن هەروەك جاران
کەوتوونەتە ژێرقورسایی سەهۆڵبەندان
درەختی تا ئەستۆ خنکاوی ناو بەفر
باسکی کەسی پێ ڕاناگا
بەفرانباری هەمیشەیی
مەگەر ئێمە .. کەسێکی تر رێ دەرناکا
هەرکاتێ بێ ، ئەو ڕێ یەمان هەر لەبەرە
مێژووی سەر رەقی و مانەوە
هەزاران هەزار دەفتەرە .

ئەو چیای ئەستەمە دەبڕین
یا لەو دیو خۆرمان لێ هەڵدێ
یا هەموومان ،
لە هەرەسی بەفرا دەمرین .

* * *

ـ خۆرهەلآت زوو بەڕێ کەوین
یا چێشتەنگاوێکی درەنگ ؟!
دەمەو عەسر بەڕێ کەوین
یا خود شەوی تار و بێدەنگ ؟!
ـ ئێرە خۆری بەرناکەوێ
خۆر هەلآتیش ، خۆرنشینە
سەفەری سەختی ئێمە گەل
بۆ وولآتی پێکەنینە .
ئێرە رۆژی رووناکی وەك
مانگە شەوی تەم و هەورە
یا تۆفانە یاخود بەفرە
هەرکاتێ بێ ،
دەبێ یەك یەك

ئەم دەستی ئەو .. ئەو دەستی ئەم
یەك بەر نەدەین
هەڵپلانی هەر یەکێکمان
لە ناو بەفری شاخی هەزار بەهەزارا
هەڵپلانی هەموومانە
ئاوا بوونی ئەو دیو لوتکەش
رزگار بوونی هەموومانە .

*          *          *

دەمەو بەیان
یەکی مەتارەیەك ئاوو ، نانی چەند ژەم
جامانەیان لە سەرو مل ئاڵاندبوو
پووزەوانەو پشتێنی پان
بەرێ کەوتن ،
نەگەیشتن ، نەهاتنەوە !
خەڵکی شوێن پێیان هەڵدەگرت
لە نیوەی رێ .. ئەوەندە بەفر بارییو
نەك هەر شوێن پێ
درەختی بەرز .

کەرتە شاخی بە ئاسمانا هەڵگژاوی هەزار ساڵە
بەفر هەمووی دا پۆشیبوون
دارو دەوەن بە دەم زریانی تووڕەوە
شێتگیر ببون
پەلەوەری ئەو ئاسمانە
لە برسانا ،
بۆ وولاتی دوور دوور ئەچوون !
کەس نەبوو هەواڵ بزانێ !
لە هاژەی بایان دەپرسی
بەفری دەکرد بە سەریاندا
لە چڵە داریان دەپرسی
شۆڕ دەبۆوە بۆ سەر زەوی
لە هەرەسی بەفریان پرسی
خێرا ووتی :
چوار کەس هاتن ،
بە قوڵینگ و بە خاکەناز
سڵیان لە بەربەست و ئەستەم نەکردەوە
هیچ نە یخستن
هەرەسیان بە منیش هێنا
ئەو شاخەیان هەڵئەدڕی

کەی تونێڵی ئەو کێوەتان
لەم دیوەوە ، بۆ ئەو دیو دی
ئەگەر ئەوان نەهاتنەوە
ئێوە بڕۆن بۆ سۆراخیان .

*           *           *

ـ کوڕینە ، ئێوە چی دەڵێن ؟
ـ چاکتر وایە بچینەوە
ئامادەو حازر بە دەست بین
لە روبارو چەم دەپرسین
لە هەورو باران دەپرسین
لە ئەستێرەو مانگ دەپرسین
ئەوان سنووریان بۆ نیە
لە کوێ سۆسەی چوار کەسمان کرد
یە ک دڵ و گیان .. یەك هەناسە
چوار پەڵە هەوری ئەستووری رق هەڵگرتوو
چوار روباری هەمیشە شە پۆڵ نەنووستوو
ئێمەش هەرچیمان کردبێ
نیوەشمان لە رێ مردبێ
پێیان دەگەین ؟

*         *         *

سەر گەردانی کەژو بەندەن
باو بۆرانێك دەیرەتاندن
پشتی بەهێز چەمابۆوە
گفتوگۆ لە زار تۆرا بوو ..
پە پوولەی ماچ ، رەشەبای توند هەڵی دابوو
گوڵێ نەبوو ، تامی بکات
دەستیان نابۆ ناوچەوانیان ،
بۆ بینینی بەرپێ نەبێ چاوی کەسیان هەڵنەئەهات !
ـ ئەوان ئەگەر وەکو ئێمە
کڵوڵیی تیری لێ دابن
مردن نەبێ، لەکەسی تر با نە پرسین
ئەوان ئەگەر وەکو ئێمە
رەشەبای مەرگ راوی نابن
وا میوانی داڵی برسین!

*         *         *

بەشەو ئەشكەوتی دامێن شاخ
میوانداریی ساردو سڕی  پێ دەكردن
ئەم ئاگاداری ئەویتر  .. نە دەخەوتن
بە رۆژ دەكەوتنە بەندەنێ
ڕۆژگارێكی دوورو درێژ
سەرو ریش زۆر ،  ناو لەپ زبرو لەش ساردو سڕ
بە یانیەك ، دونیا لە جاران جیاواز بوو !
ـ گوێ بدەنێ ،
لوورەی گورگی باو بۆرا نمان كەم بۆتەوە
نم نم باران دێتە خوارێ . چەند رۆژی تر
شاخ دەبینن ، جێ جێ دیارە رەش بۆتەوە
خوڕەی ئاوی سەر كەڵبەزو دۆڵ دەبیستن
كوێرە رێ ی ژێر بەفری ئەستوور دەر دەكەوێ
دارو درەختی پەك كەوتوو ،
بە هەتاوی پاش مەینەتی ی دێنەوە خۆ
كوڕینە ئێمە ئامادە ، یەك یەك دوو دوو
یا رێ دەبەینە بەر تونێل
یا لە چیا ئاودیو دەبین
یا تووشی یەكتری دەبین
یا بۆ دونیای ئەو دیو دەچین

پەنجەی پەری بەهەشتی ژین
لەگەڵ پەنجەی سەرما بردووی
باسکی رەقەڵی ئێمەدا ،
ژیان دەکەن
بە ئاوازی هەمیشەیی بە ستەو خەنین .

* * *

گەیشتنە بەر تونێلی شاخ
ئەوان کەژیان ،
لەم دیوەوە ، بڕییو بۆ دونیای ئەو دیو
چەند شەوو ڕۆژ .. سەر دەمێکی تەمەن درێژ
ئەم جارەیان بە ناو تاریکی تونێل دا
هەتا لەو دیو .. دونیای تازە
تەمەنی پڕ ژانی دوێنێ .. لە بەر شنەی شادی ئەوێ
لێ ی دەوەری سەد ئاوازە .

شوباتی / ١٩٨٧
بناری قەندیل

# تەنیایی

دەمێکە ئاسکۆڵەی ئەوینم
سڵ دەکا بە کەلی هیواوە
دەمێکە تەمەنی ڕێ ی دوورم
شەیدایە بە شانی چیاوە
پە پوولەی ماچێکم بۆ گوڵی گۆنای تۆ
بە دەم بای زستانی عیشقەوە
شاخە و شاخ کەوتۆتە هات و چۆ
ڕۆژ نیە پەلوپۆی درەختی کەژانم
بە توولە ڕێ نەڵێ :
کام ڕێبوار تەنیا بێ ناگاتە مەنزڵی
تەنیایی خەمێکی توورەیە
چڕنووکی دەگاتە توێ ی دڵی
لەولاتر ڕێ سەختە
لەو لاتر ڕێ بەفرەو
بۆ کەسێ تەنیا بێ هەمیشە ناوەختە !

١٩٨٧/٣ بناری قەندیل

# گوڵی زام

تەرمی شەهیدێك دەخەنە سەر شان
بنچك پێ دەگرێ
شۆڕەبی سەری دەنێتە سەر خاك
كۆرپە ڕادەكات ، گەورە دەوەستێ
كێو هەرەس دێنێ دەبێتە خاشاك
كە دەگەنە جێ
سەرتاپا خەڵكی بۆی دێنە سەرچۆك
تەماشای كەن
گوڵی زامێكی داوە لە بەرۆك .

١٩٨٧/٣ /٣٠

# کۆتر

خۆرنشین دێ
هیچ کەسێکی شارەکەی من ناگاتە جێ
هیچ رێبوارێ هەواڵی تۆم بۆ ناهێنێ
شەو ئارامم لا نامێنی
دڵ دەبێتە کۆترە کێوی
بۆ لات دەفڕێ بەرزو نەوی .

* * *

کۆتری ئەو دڵە شێتەم
شەقەی باڵی ، کەس نابیستێ
بە سەر هەردا نزم دەڕوا
بە سەر کەژا بەرز هەڵئەستێ
لە ناو پرچی ئاڵۆزکاوتا
دوورە دەستە لە هەراو قین
هەردوو باڵی لە یەك دەنێ

**لانه دەكا ، لانەی ئەوین .**

**رۆژگاری ئەو هێلانەیە**

**هەورەو هەتاو .. بەفرەو باران**

**بای سەردەمی تاڵ و شیرین**

**لێ ی هەڵدەكا شەو تا بەیان .**

**٣/ ١٩٨٧**

## سەفەرێکی خوێناویی

یاسای ژیا ن ، کۆنە تەرمە
بە دەم گورگ ودڕندەوە
هەر چوار دەوری ڕێ دەبینی
بە دەم سەگ و ژەندرمەوە
سەر دەبینی ، چاوی نیە
دەست دەبینی ، بێ نینۆکە
گەل دەبینی ،
بە سەر سونگی ی یاسای سەگا پێ ی پەتی یە
ئەم نیشتمانە شیرینە
درەختی گوێ ڕوبارێکی تاڵ و سوێرە
ڕوبار گریانی دایکانە
ڕوبار فرمێسکی قەتیسی بەرەنسکی کوردستانە
ئەو پەڵە هەورەی ئاوا بوو
پێکەنینی وڵاتێکی دوورە دەست بوو
دەیویست بەسەر کێڵگەی دڵا دا بباری
هەر نەباری
ئەو تاڵە تیشکەی دوێنێکە
لە گەردنی گوڵ ئاڵا بوو

هێشتا زوو بوو ، لێ ی ئاوا بوو
فەرهاد قوڵینگی دەستی خۆی
لە ئەژنۆی خۆی داهێنا بوو
جەستەی بە زام و خوێنەوە
لە سەر ئەژنۆ کەوتۆتە ڕێ
ئێمەشی وا بە شوێنەوە .

١٠ /٤/١٩٨٧

## جەژن وئازادی

جەژنانەکەی من بابە گیان
نە دیاریەو نە جلی جوان
جەژنانەکەی من بابە گیان
ئازادیە بۆ نیشتمان .
گەر حەز دەکەن
ئەم جەژنە من لە لاتان بم
بێمەوە ماڵ
دەست لە ملانی هیواتان بم
هەر شەقامێك داری تینووی لێ رووا بێ
لەو گوزەرە بۆم بگەڕێن
لە هەرماڵێك پێکەنینی لێ تۆرا بێ
پرسیار بکەن ، بەوان بڵێن
ئەگەر منتان نەدیەوە
ئەو شوێنەی وا کە منی لێم
یەك جێگەیە
ئەو جێگەیەش
هەرسەنگەری پێشمەرگەیە .

*      *      *

بابە کوڕە ماندووەکەت
کە بە گژ شاخێکدا دەچێ
ئەگەر قۆناغ قۆناغیش بێ
لە دوای پشوو سەردەکەوێ
بابە بۆچی نامورادی ؟!
سەد جەژنیش بێ
کوڕە شەیداو پێشمەرگەکەت
نایەتەوە تا ئازادی .

١٩٨٧/٥

# را پەڕین

## ١

لێرە لە بنکە
دارو درەختی ئەم کەژە نەما
زریانی ئەمساڵ داینەچەمێنێ
لەوێ لە ناو شار
تاقە کەسێکی دوژمنان نەما
هەڵمەتی ئێوە راینەچڵەکێنێ
پۆلە پێشمەرگەی
سەرو ریش هاتووی چیاو دەشت و دەر
لە پڕ جێیان هێشت
دۆڵ و هەورازو سەرلوتکەو هەڵدێر
هەر وەك شە پۆلی باران و بەفر گەیشتنە ناو شار
لە حەژمەت زامی سەر سینگی هەولێر .

* * *

تروسکەی هەڵۆی چاوی تیژ ڕەوم
لێرە رەوی کرد ، ئاقاری جێ هێشت

بە سەر دەست ڕێژی نەیارا هەڵسا
گەیشتە ئەوێ
ـ بۆ لای برینی ئەم شارە هاتووم
هەڵۆی بەرزە فڕ
بۆ هیچ نیشانێ باڵی نانەوێ .

١٩٨٦/١٢/٢١

## ٢

پۆلە شەهیدێك هەستانە سەر پێ
بە پێ خاوسی ی چوونە سەر گۆڕی ئەحمەد موختار جاف
شەهیدێك دەیووت :
ئەم گەلە ئیتر خەو زەرەرێتی .. چیتر نانوێ .
سیاچەمانەی کەلی هەورامان چاوی پڕ خوێنە
دەمی را پەڕین لای گەلی ئێمە
لە هەموو لاوە سوێندو بەڵێنە
دوو ئاوانەکەی
بەر ماڵە گەورەی دەشتی شارەزوور کەوتە شە پۆلان

لافاوی رقە دوژمن دەماڵێ
لە تەختە رێوە سەرەو ژوور دەڕوا
هەتا دەگاتە شاخی هەورامان .

١٩٨٧/٥/١٥

٣

مام حوزنی پیتی لە دار دەتاشی سەردەمێکی زوو
رەواندز لە بەر چرای ووشەدا
ئەژنۆی نابۆ سەر تاوێری خەرەند
لەوێوە کتێب بۆ وڵات دەچوو
ئێستاش دەمێکە زمانی عەشقی حەیرانی ئەوێ ،
چەقۆی دوژمنان تاوی لێ داوە
سوپای داگیرکەر
کڵاوی رەشی تەعریبی لە سەر لوتکەو شاخ ناوە .
هەردوێنێکە بوو ،
لە تاو پەژارەی ژێر چەکمەی دوژمن
پرچی درەختی دەم گەلی و خەرەند سپی هەڵگەڕا

گۆرانی کوڕە ڕەوەندی باڵەك

بوو بە لاوك و دێ بە دێ ماڵ ماڵ بە دیاری دەبرا .

هەردوێنیێکە بوو ،

لە تاو برینی سەر پەڕەی مێژووم

قەڵای ڕەواندز سەرتا پێ  دامان بە خوێن سوور کرا

ئەمڕۆکە دەستی ، تاوانی زۆردار کەوتۆتە لەرزە

لە هەموو لاوە شار خرۆشاوە

دەنگی گەل بە سەر دوژمنا بەرزە .

١٩٨٧/٥/٢٠

# چاوی جاران

( بۆ ئەو مرۆڤانەی بە چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی فاشیستەکان چاوی نازداریان لە دەست دا ! )

پێش ئەوەی یاقووتی گەشی ئەو چاوانە
ببن بە هەڵماتی ڕەش و بە کەڵک نەیەن
دونیا لە بەر چاوی ئێوە سەوز ئەچۆوە
مێرغوزاری بەر ئاوایی
ڕەزو باغی دەم جۆگەلە
گوڵە باغی دامێن حەوشەی باڵەخانە
بە هەشتێ بوون ، نەکو دڵێ ، هەزاران دڵ
بۆ جوانی یان ، پەڕو باڵیان لێ ئەڕوا !
ئێستا کە چاوتان نابینێ
نەتان دیوە ڕەزو باغی دەور ئاوایی
زوخاڵی دوای نێڵەی زوڵمن
ئێستاکەش بە چاوی جاران
شانەی بیرو لێکدانەوە
مێش هەنگوینی حەزو ئاوات

دەنێرێتە سەر سەوزایی و
پەڕەی گوڵی باغی وولاّت .

*       *       *

جاران پۆلە پێشمەرگەتان بەرچاو ئەکەوت
چاوتان لێ بوو
پشتی هەوراز لەبەر تەکان چۆن دائەچوو
هەنگاو لە دەشتی بەرینا
گلۆڵەی رێ ی هەڵدەپێچا
ئێستاکەش هەر چاوی جاران
دەڕوانێتە
رەوتی قافڵەی تفەنگ لە شان .

*       *       *

ئێستا ئێوە
پە نجەی بڕاوی دوای تاریکی ی چاوی خۆتان نەبینیوە
گوندی سوتاوی
پاش ئاوەدانی ی بەرچاوی خۆتان نەبینیوە

ئاژەڵی ژەهر گرتووتان نەبینیوە
دوکەڵی سەر رەزو باغی دوای تاریکی
چاوی خۆتان نەبینیوە
رۆژی هەڵاتووی دوای شەوی چاوی خۆتان نەبینیوە
هەتاوی ئەم نیشتمانە
لەلای ئێوە هەڵدێ و ئاوا دەبێتەوە
هەموو شتێ لەلای ئێوە
هەر وەك جاران دێت و دەڕوا ..
هەر دوبارە دەبێتەوە
بەڵام شەوی چاوی ئێوە
گەر رۆژیشی لێ هەڵنەیێ
هەمیشە هەر خۆری جاران
نەخشەی بیری دوای تاریکی ی چاوی ئێوە ی
کردۆتەوە بە نیشتمان .

١٩٨٧/٥

# گوندێکی چۆڵ

بۆ ئەو دیو دەچم
هەورازە ریگە  پشتی چەماندووم
ئەم شانم شاخی هەزار بە هەزار
ئەو شانم دوژمن رێگەی لێ گرتووم
بە کوێدا بڕۆم ؟!
لە دۆڵەوە بۆ لوتکەی ئەو شاخە تەم گرتوویەتی
ئاوایی چۆڵە
بەردەرکەی ماڵان راست و چەپ داری خەم بەستوویەتی
تۆپ باران خۆڵی هەڵداوەتە سەر
پرچی جەنگەڵی چری ئەم دێ یە
ئاسۆی رێگەو بان شلوێ دەنوێنێ
ژێر دارستانیش پێچاو پێچ دیارە هەر توولە رێ یە
خۆزگە  پێش ئەوەی ئەم دێ یە  چۆڵ بێ
دارستان ماتوو بێ دەنگ و سەدا
بەر حەوشەو هەیوان  پر خاك و خۆڵ بی
کچۆڵەم دەدی

پێ و پوز هەڵکراو سپی و تووندو تۆڵ
لە چەمی خوڕی بەفراوی دەدا
قاقای پێکەنین
بە شاخا بەرەو لوتکە هەڵدەگژا .

١٩٨٧/٦
قەڵاتووکان